# عاشقێکی سەرهەڵگرتوو

شیعری حەمە کاکەڕەش

عاشقێکی سەرهەڵگرتووی سەفەرێکی پەشیمانم
هۆ گوڵێ خان بۆتۆ بگریم یان بۆ دووری نیشتیمانم

من کێم هەبوو لەتۆ زیاتر هەناسەو چرپەی دڵم بێ
لەتۆ زیاتر کێ ئاسمان و ئەستێرەو مانگ و گوڵم بێ

لەدنیای جوانی و خەیاڵ دا  تۆ دەریای ئەوینی منی
ئای کەئێستا هەراسانم  وەک نیشتیمانم لێم ونی

ئاخرچۆن هەراسان نەبم تۆ گەڵای سەوزی باخم بووی
ئێوارانی پڕ لەژوان و ژوانی تەڕی ناخم بووی

ئەوا کلوی بەفری غوربەت دەمبا بەرەو دنیای گۆڕێ
بێ نیشتیمان و تۆ بمرم جێم چۆڵ ئەبێ لەگشت کۆڕێ

ئاخۆ بڵێی جارێکی تر نەمرم بگەم بەدڵی تۆ
سەربنێم بەسینەتەوە مەستبم بەبۆنی گوڵی تۆ

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

تێبینی. ئەم شیعرە هونەرمەند٠ ئەژدەر وەهبی ،
ئاوازی بۆداناوەو چڕیوێتی